



## سامسۆنگ گەورەترین هاردیسکی بەرهەم هێنا

وشەی گەورەترین یان بچووکترین یان تەنکترین یان باشترین ئەو وشانە لە جیهانی دیجیتالیدا تەمەنیان زۆر کورتە، چونکە هیچ دوور نییە پاش تێپەڕینی ماوەیەکی کورت کۆمپانیایەکی دیکە پێوانەکەی بشکێنێ.. هەروەك ئێستا کۆمپانیای سامسۆنگ پێوانەی گەورەترین هاردیسکی جیهانی شکاندووە و هاردیسکی جۆری PM1633a بەرهەم هێناوە، ئەم هاردیسکە نزیکەی ١٦ ترابایت لەخۆیدا خەزن دەکات...رەنگە بپرسن ١٦ تیرابایت چەندە و چەندە لەخۆیدا خەزن دەکات؟ بۆ ئەمە دەتوانین بڵێین زیاتر لە ٣ ملیۆن فایلی دەنگی، زیاتر لە چوار هەزار فیلم بە کوالیتی بەرز و نزیکەی ٥ ملیۆن وێنە بە کوالیتی بەرز.. هاردیسکەکە تەنیا ٦ سم درێژە و خێرایی داکردنی داتاکان لەو هاردەدا ١٠ گێگابایت لە چرکەیەکدایە.




## پێنووسێکی سمارت دەق و وێنە لەخۆیدا تۆمار دەکات

چەند ساڵێك دەبێت پێنووسە سمارتەکان کەوتوونەتە بازاڕ، پێنووسە سمارتەکان دەتوانن ئەو نووسینانەی کە پێیان دەنووسرێ لەخۆیاندا تۆمار بکەن.. ئەوانیش جۆریان هەیە و تایبەتمەندییەکیان لێك نزیکە.. یەکێك لەو قەڵەمە زیرەکانە قەڵەمی جۆری neo smartpen، پێنووسێك کە هەرچی بینووسی و یان بیکێشیەوە لەخۆیدا خەزن دەکات.. پێنووسەکانی پێشوو زیاتر دەقیان لەخۆیاندا خەزن دەکرد و پاشان دەیکرد بە فایل... بەڵام قەڵەمی ئاماژە پێکراو دەفتەرچەیەکی یادداشتی لەگەڵدایە کە لەسەر لاپەڕەکانی چەندین نموونەی نادیار لەسەری چاپکراوە، ئەو وێنانە دەتوانن نوکی قەڵەمەکە بناسن.. پێنوسەکە سیستەمی بلوتوسی لەسرە و بە تەبلێت یان مۆبایل پەیوەند دەدرێت..



# ڕۆبۆتێکی کاغەزێکی تایبەت بە منداڵان

سەردەمی منداڵی ئێمەمانان زۆر بە سادەیی تێپەڕی، باسێك لە ئایفۆن و ئایپاد و تەبلێت و دەیان ئامێری دیجیتالی و سمارتی دیکە نەبوو.. بەڵام جیهانی منداڵان بەتەواوی گۆڕاوە و ژیانی ئەوانیش بەرەو دیجیتالی ڕۆیشتووە، ڕۆبۆت کە لە خەونی گەورەکانیشمان دا نەبوو ئێستا لەلایەن منداڵانەوە بەرهەم دێن، بۆ نموونە ڕۆبۆتی جۆری kamibot کە دەتوانرێت لەرێگای مۆبایلەوە فەرمانی پێبدەی و کاراکتەری کارتۆنییەکانی لەسەر دابنێی.. هەربۆیە چەندین وێنەی کاراکتەری فیلمە کارتۆنییەکان لەگەڵ ڕۆبۆتەکەدا هەیە.. دوای ئەوەی کاراکتەرەکان لەسەر ڕۆبۆتەکە داندران، بەکارهێنەر دەتوانێت فەرمانەکانی جوڵەدان یان هەڵگرتنی گلۆپەکانی پێبدات..



مخابن لە هەرێمی ئێمەدا هێشتا کێشەی کارەبا، کێشەی سەرەکییە و کارەبا دەبڕێ و نامێنێ و هێشتاش موەلیدەکانی گەڕەك هەر ماون،، لە وڵاتانی دیکەدا بیر لە داهێنانی گلۆپی هۆشمەند دەکرێتەوە.. کۆمپانیای شیائومی کە کۆمپانیایەکی گەورەی چینییە و چوارەمین کۆمپانیای گەورەی جیهانە لە بواری بەرهەمهێنانی مۆبایلدا.. کۆمپانیای ئاماژەبۆ کراو گلۆپێکی هۆشمەندی بەرهەم هێناوە بەناوی yeelight، گلۆپەکە هۆشمەندە و دیزانێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی هەیە و چەندین ڕەنگی تایبەتی هەیە و بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێ. سیتسەمی بلوتوسی لەسەرە دەتوانی ڕووناکییەکەی بەویستی خۆت کۆنترۆڵ بکەی و دەتوانی ڕەنگەکانی بگۆڕی. دەتوانی کاتی بۆ دابندرێ چ کاتێك بکوژێتەوەو چ کاتێك هەڵبکرێ و لە هەمووی گرنگتر ڕووناکییەکەی ١٦ ملیۆن ڕەنگ لەخۆی دەگرێت.. ڕەنگە بپرسن ئەو هەموو ڕەنگە هەر نییە، بەڵام ١٦ ملیۆن ڕەنگ لە جیهانی دیجیتالیدا بوونی هەیە..

# سەردەمی گلۆپە هۆشمەندەکان دەستی پێکرد



# گوێگرتن لەمۆسیقی بە شێوەی سێ ڕەهەندی

وێنەی سێ ڕەهەندی واتە 3D تەکنەلۆژییەکی نوێ بوو لە جیهانی دیجیتالیدا، بەڵام پێش وێنەی سێ ڕەهەندی دەنگی سێ رهەندیش بوونی هەیە، واتە گوێ لە مۆسیقا بگری یان گوێ بدەیە فیلمێك و دەنگەکان وەك واقعی بن وەك ئەوەی خۆت لەوێ بی..

هیدفۆنی جۆری AMBEO هیدفۆنێکە کە دەنگەکان بە شێوەی سێ ڕەهەندی بڵاو دەکاتەوە.. بەرهەمهێنەرانی هیدفۆنەکە دەڵێن، دەنگی سێ رهەندی تەکنەلۆژییەکی نوێیە و بەکارهێنەر دەتوانێت چێژێکی زۆرتر لە دەنگەکان وەربگرێ..



# فڕۆکە بچووکەکان خزمەتگوزاری مەزن ئەنجام دەدەن

لەسـەرەتادا فڕۆکە بچووکەکان کە بە (پەهبەهاد) ناسـراون، واتـە ئـەو فڕۆکانەی کە لە سـەرەتادا وەك ئامێری گەمەکردنی منـداڵان کەوتنـە بازارەوە، بەڵام دواتر کامێرایان پێوە زیاد کرا و توانـرا کاری فیلـم هەڵگرتنەوە لە بەرزاییـەوە ئەنجام بدەن.. لەم ماوەیـەدا سـێ کۆمپانیـای گەورە توانیـان جۆرێك لە فڕۆکەی پەهبەهـاد دروسـت بکـەن کـە بـە Solo ناسـراوە، ئـەم فڕۆکەیە دەتوانێـت شـوێنێکی تایبـەت سـکان بـکات و فیلمێکـی سـێ ڕەهەندی لێهەڵبگرێتەوە، بۆ نموونە تاوەرێکی بەرز یان پردێك کە خەریکی دروسـتکردنین و پێویسـتی بە وردبینی زیاترە، فڕۆکە بچووکەکە نەخشـەیەکی وردی سـێ ڕەهەنـدی لێهەڵدەگرێتەوە، هەر لە بەرزاییەوە وێنەکان بۆ بەڕێوەبەران و ئەندازیارانی کە لەو شـوێنە نین بەهۆی ئینتەرنێتـەوە بەڕێ دەکات. لەو فڕۆکەیەدا کامێـرای جـۆری UMC-R10Cی سـۆنی دانـدراوە، فڕۆکەکـە نەك تەنیا بۆ شـوێنی بیناسـازی بەڵکو بۆ وێنەگرتن لە زەوی کشتوکاڵیش سوودی لێوەردەگیرێت..

# لاپتۆپی چەماوە لە خەیاڵەوە بۆ ڕاستی

لاپتـۆپ لـەو کۆمپیوتەرانـەن کـە لە ماوەی چەند سـاڵی ڕابـردوودا لە بـواری کارابییەوە هەندێك گۆڕانکاریان بەسـەرداهاتووە، بەڵام لە بواری سـتایل و دیزاینەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتـۆ بـەدی ناکرێـت، ڕاسـتە تۆزێـك تەنکتر بوونە کە ئـەو گۆڕانکارییـەش زۆر بەکەمی هەسـت پێدەکرێ... سامسـۆنگ کە یەکێکە لە کۆمپانیا بەهێزەکانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ هەوڵیداوە گۆڕانکاری لە دیزاینی لاپتۆپدا بکات و هەربۆیە لاپتۆپی جۆری Samsung ativ 4kی بەرهـەم هێنـاوە. هەرچەندە تاکو ئێسـتا زانیارییەکی تـەواو لە بواری کارابییەکانی کۆمپیوتەرەکە لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەوەی کە لە وێنەکەدا دەیبینین ئەوەیە کە لاپتۆپەکە چەماوەیە و لە بواری سـتایلەوە زۆر جیاوازە لە هەموو لاپتۆپەکانی دیکە.. بەرهەمهێنانی لاپتۆپێکی چەماوە تێچوویەکی زۆری دەوێت و لەگەڵ هەوڵێکی زۆر، چونکە دەبێت شاشە و پرۆسیسەر و تەنانەت کیبۆردیش چەماوە بن.. هەوڵەکەی سامسۆنگ بۆ ئەوەیە کە لانی کـەم چیـدی بەرهەمهێنانـی لاپتۆپ یـان تەلەڤزیۆنـی چەماوە چیدی لە بازنـەی خەیاڵدا نەمێنێتەوە و بەڵکو ببێ بە واقیعی..




# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک




**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت نازانم بۆچی یەکێك لە کەلێنەکانی دانانی USBیم تێکچووە و کار ناکات ڕێگا چارەیەك هەیە؟**

خوێنـەری بەڕێـز جگـە لـە ویندۆز ئیکس پی لە ویندۆزەکانی دیکە بەشـێك هەیـە بۆ کەمکردنەوەی وزە ئۆتۆماتیکی زۆر جاران ئەو بەشـەی USB رادەوەسـتێت، بۆ چاکردنەوەی سـەرەتا لە کۆنترۆل پەنال بچۆ بەسـەر Hardware and Sound دواتـر پەنجـەرەی Power Options بکـەوە، ئەمجـارە لـە پەنجـەرەی Change advanced power settings بەشی USB بدۆزەوە و لە حاڵەتی Enabled بیگۆڕە بە Disabledو کێشەکە چارەسەر دەبێت..

# پرۆگرامێکی مۆبایل بۆ گەشتیاران

لەسەردەمی دیجیتالی و تەکنەلۆژیای سەردەمدا گەشت و سەفەرکردن زۆر ئاسان بۆتەوە، رۆژ بەرۆژیش ئاسانکاری زیاتر دەبێت چونکە مۆبایلەکان وەك وەرگێڕن و لە رێگای ئینتەرنێتیشەوە ئاگاداری هەموو ئەو شوێنانە دەبی کە سەردانی دەکەی.. چەندین پرۆگرامیش هەن کە ئەرکیان ئەوەیە رێنوێنی بدەن بە گەشتیاران.. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی world around meیە.. ئەم ئەپلکەیشنە زۆر گرنگ و بەسوودە. کاتێك سەردانی وڵاتێك دەکەی و دەچییە شارێك هەموو زانیارییەکی تایبەت بەو شارەت پێ دەڵێ، وەك سەیرانگاکان، رستۆران و پارکەکان. بانك و خزمەتگوزارییەکانی دیکە.. لەگەڵ زانیاری بەخشین سەبارەت بە شوێنەکە چەندین وێنەی شوێنەکە نیشان دەدات.







# شەحنکەرەوەیەک میکرۆبەکانی مۆبایلیش ناهێڵێت

وەك دەگوترێ مۆبایل وەك یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە بەکتریا و ڤایرۆس دادەنرێ، مۆبایل، چونکە هەمیشە لەبەردەستدایە و ئارەقە دەکات دەبێتە شوێنێك بۆ کۆکردنەوەی ڤایرۆس و بەکتریاکان هەتا رای پسپۆرانی ژینگەپارێزی وایە کە مۆبایل پیسترە لە ئاودەستخانەکان.. بۆیە پێویستە جار ناجارێك دژە بەکتریای لێبدرێ.. ئێستا ئامێرێك بەرهەم هاتووە کە جگە لەوەی شوێنێکە بۆ دانانی مۆبایل، مۆبایلەکەش شەحن دەکاتەوە و بە تیشکی سەرووی بنەوشی میکرۆب و ڤایرۆسەکانیش لەناو دەبات.. ئامێری (سنیتایزەر) بە لێدانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی لە ماوەی ٦ خولەکدا هەموو میکرۆبەکان لەناو دەبات.. ئەو ئامێرە نەك مۆبایل بەڵکو میکرۆبەکانی کاتژمێری دەست، چاویلکە و لەیستوکیش لەناو دەبات..



# هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سایتێکدا

سەردەم وای لێهاتووە کە هەرکەسێك لە چەندین تۆڕی کۆمەڵایەتیدا ئەکاونتی هەیە، جاران تەنیا ئیمێڵێك هەبوو بەس، بەڵام ئێستا فەیسبوك و تویتەر و ڤایبەر و گوگل پلاس و تیلیگرام و.... هەیە.. دەبێ رۆژانە سەیری هەموویان بکات... بەڵام سایتی cloze.com ئەو ئەرکەی ئاسان کردۆتەوە، چونکە هەموو پەیام و پەیوەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، کاتێك ئەکاونتێکت کردەوە لەو سایتەدا گشت پەیام و پەیوەندییەکانی دیکە بۆ ئەکاونتەکەت دێن..